


***بەر لە سپێدە باش ووتم ترێ گیان***
***لەتەك ئەوەی تێکەڵ بوونمان***
***شپرزەیی ناوینەتە ناو شەونماو و***
***نوێژەکانمان میوان داری مێژوویەکن***
***لەم گوڵستانە چۆڵەدا***
***بەڵام هێشت ڕامان لەسەرەتایی ترین ماچ***
***ڕامان لەئاوێنە ڕاکشاوەکانی ناو بانێو***
***ڕامان لە بۆن کردنی هەرمیلە کاڵەکان و***
***لەبەربوونەوەی نارنجە کاڵەکانی مەغریب***
***ڕامان لە ڕیحانە ڕۆشنەکان***
***ڕامان لەو شەلالە سپیانەی***
***لەژێر ڕینکۆتە ئاگرییەکاندا خورەیان دێ***
***ڕامان لەکورسیە چۆڵەکانی شیعر***
***لە سەرچنار***
***لە مەرقەدی هەر وویسگەیەك***

***لە شیلانە مۆرەکانی بەیەك گەیشتن***

***کە ئاڵترن لە هەنارەکانی حوزن و***

***جوانترن لە گوڵستانەکانی ئێرە***

***بەر لە سپیدە باش ووتم گوڵە گیان***

***گوزەشت  گوزەشت***

***دڵم ئەو ڕۆژانەی بەجووت ڕا***

***دیوانی ئەو شیعرانەمان دەخوێندەوە***

***هەنێ جاریش هەر بە جووت ڕا***

***کتێبێکمان دەخوێندەوە***

***لەبێهودەیی ئایەتەکان***

***لەوەهمی ئازادییەکانی سەردەم***

***گوزەشت دڵم***

***وردبوونەوە لە سێوەکانی حوزن***

***لەخوێندننەوەو لەسەر بردەی تاوسە غەمگینەکان***

***لەو کچانەی بەسەتەنی***

***سەوز و زەردەوە چەپڵەیان***

***چەپڵەیان بۆ قارچکە پیرەکان دەکوتا و***

***بێ مۆسیقاو بێ ڕۆمانسیەت درێژ دەبوون***

***گوزەشت ئازیز وردبوونەوە***

***لە پڕبوونەوەی دێراوی ڕۆشناییەکان***

***دڵ سوتان بە تەڵانەکانی تاڵانی***

***دڵ سوتان بەوەرزە بێ مروەتەکان و هاڕەی***

***هاڕەی سەدە دۆراوەکان***

***هەنوکەش تۆلەم گوڵستانی غوربەتە چۆڵەوانتر بڵێ***

***لەم گوڵە مۆرانە هەتیوتر بڵێ***

***ئای مینا گیان لەبەردەم جوانیتا مینا***

هەموو دێڕەکانم لاڵن
لەمناڵی تریفەی مانگ دەچیت
دەستت بە دەستی شەوێکی پیرەوە بێت
لە هەوەڵ بەری قۆخێك دەچی مینا
دەستت بە دەستی - با - وە بێت
نەکەی مینا تێکەڵ بە دنیای ئەو پڵنگە کوێرانە نەبی
لاقرتی بە ستیانە سپیەکانی ئاسمانەوە دەکەن
لەجێ ی پەڕی کەنارییەك
فیشەك فیشەك لە گۆشتی ناو ستیانێکی
پڕتەقاڵی ڕائەدەن و
لەجێ ی شەتڵی سەبووریش مینا
بوختان بە دەمی یاسەمینەکانەوە دەکەن
وەکو ئێمە مینا ئاگر
بە درێژ ترین مومارەسەی
نێوان دژە یەکدییەکان ناخوێننەوە
وەکو ئێمە بەدیار کێلی ئەو گوڵانەوە هەڵناتروشکێن
لە جەنگی یەکەمی - با - دا بە با ڕۆشتن
وەکو ئێمەلە قریوەی هەسارە ڕووخۆشەکاندا
خەون و قڵپ بوونەوە
خاوبوونەوە تا ئەو پەڕی خاوبوونەوە حاڵی نابن
وەکو ئێمە مینا
لە ئێوارە ڕۆشنەکانی - ئۆڤەردیکا - و
مردن لە ناو لۆچی باخەکاندا حاڵی نابن
لە پەیڤێکدا 00 ناگەنە حیکمەتەکانی مەحوی
وەکو وەکو ئێمە مینا
لەودیوو تاریك ترین کوچەوە

***گەمە لەتەك کەروێشکەکانی بەختەوەی ناکەن***

***هەر چرکەیەك لارێ ی ماڵی لەزەت ناگرن***

***نابینن مینا گیان مینا  باران بە کراسی باوە***

***ئێوارەیەك بچۆرێتە ناو حوجرەی باخەکان و***

***کەمێ  کەمێ  لە دەستورە ئاوەژووەکانی عیشق بدوێ***

***ئەو دڵانە بەسەرکاتەوە لە هەرمێ ی شووشە دەچن***

***لەو پە نجەرە هەناریانە ورد بێتەوە***

***کەمتر دەڕواننە ساتە هەڵترووشکاوەکانی گەڵا***

***ساتە تێکەڵ بووەکانی لەزەت***

***لەزەت مینا کە شورای بەهارێکی ترە***

***لەودیو شورای ئەم وەرزە نەزۆکانەوە***

***گوزەشت مینا ئەو ڕۆژانەی گوڵستانمان چۆڵەوانی  و***

***چۆڵەوانیشمان گوڵستان***

***ئێ ی مینا گیان بۆ ئەوەی بە ئەزەلی بمێنینەوە***

***دەبێ گوڵدانی ئەم گلێنانە  پڕکەین***

***لە خۆڵی بەرگردەکانی خۆشەویستی***

***دەبێ مینا  مەنەلۆژی ژێر پەرچەمی درەختەکان***

***توترك لێ کردنەوە و***

***جووت بوونی سایە و سەتەنی باخەکانمان بیر نەچێ***

***دەبێ مینا دەسمان بەینە دەستی عیشقێ***

***ڕۆحمان  ڕۆحمان بە فیردەوسی خەیاڵێك باو***

***باڵمان با بەو گەواڵا نەی  خۆرنشینان مینا***

***لە دیمەنی ڕاکشاوی ئەو کچانە دەچن***

***لە ناو لۆچی سەتەنا ڕوو ت رووت رووت و قووت***

***شیلك ڕژاو  حەرف ڕژاومیوە ڕژاو  مینا گیان***

***ئێ ی مینا گیان  بۆ ئەوەی بە ئەزەلی بمێنینەوە***

دەبێ ماری لە شمشاڵ ئاڵاوی دەشتی هۆرە
ئاگری لەبەڕووا خنکاو
شەمشەمە کوێرەکانی ناو ناو جەنتای زارۆکان بکوژین
دەبێ مینا دەبێ خۆشەویستی لە ژیان مارەکەینەوە
خودایە کەی دڵەکان پڕدەبنەوە لە گۆرانی
پێکی خاڵی گەڵاکانمان
کەی کەی پڕدەبنەوە لە شەرابی نمەو شەونم
خودا خودا ئەم هەموو ختوکەی ئومێدە بۆ کەی
ئەم خەوفی بوون و نەبوونە بۆ
خۆ خودایە من و مینا چراکانمان
نیشتیمانمان لە عەدەم پێ شیرین ترە ئیتر بۆچی
تەرزەی ئەم هەموو مردننە
بە ملمانا دەبارێنی
خۆ خودایە ئەم نیشتمانە کلۆلەی ئێمەش
چنگێ چنگێ گیایە لە بەهاری شیعرەکانت
ئیدی ئەم گوڵاوی مردنە بۆ
چ حاجەت بە ئاوڕشێنی
ئێمە بەدیار بێهودەیی سێوە لاسورەکانەوە
لە بەختەوەری هەڵوژە سەوزەکانی
ئەو پەڕی تاریکی ئەدواین
لەنامە پڕ ئاهەکانی نێرگز بۆ با و
تەماحمان لە دەستەمۆیی وەرزەکان و
لە فڕینی تەیرە بەدبەختەکان هەبوو
لە نهێنی خۆکوشتنی جۆگەکان و
لە سروری کێڵگە قرخنەکان هەبوو
خودایە ئیتر خۆت بڵێ هەر خۆت بڵێ

***قەتڵی ئەم هەموو باڵندە و سنەوبەر و ڕوبارە بۆ***
***ووشکایی ئەم هەموو ئینسانە بۆ***
***ئێمە چیمان لە تەنیایی کۆتاییەکان بەستەوە***
***لە قەتڵ و عامی گوڵەکان***
***ئێمە چیمان بەدەست هێنا***
***لەمەدالیاکانی کەوتن پتر بڵێ***
***لە دەست گرتنی نیشتمان وەك مناڵێ***
***بە بەردەم سەراکانی مردنا***
***لە هەڵگرتنەوەی کتێبە خووساوەکان***
***لەقەیسی یە وەریوەکانی نەغمە***
***پتر بڵێ ئێمە چیمان بە دەس هێنا***

***بەهاری 2000***
**ئەڵمانیا – پاسەڤاڵك**